# بیرۆکەی سەرەکی و گرێچن لە بابەتە درامییەکاندا

موحسین محەمەد

بیرۆکـەی سـەرەکی و گرێچـن لـە چـوار ژانـرە ئەدەبییەکـە؛ (شـانۆگەری، چیرۆک، ڕۆمـان، فیلمنامە) بـە جیاوازیـی مێـژووی پەیدابـوون و گەشـەکردنی ئـەو ژانرانـە، گفتوگـۆ و ڕاڤەکـردن و جیاوازیـی زۆری لـە مێـژووی ئەدەبـی جیهانیـدا ئافرانـدووە. ئـەم دوو زاراوەیـە، کـە لـە یـەک جیاوازن، بـەڵام لـە شیکاریی تیۆرە ئەدەبییەکانـدا هەندێـک جار لـە بەرهەمهێنانـی هـەر یـەک لـەو ژانرانـەدا دەچنـەوە سـەر یـەک و زۆر جاریـش تێکـەڵ دەکرێـن، یـان گوزارشـت لـە یـەک شـێوە، یـان دەسـتوور دەکـەن. پێناسـەی ئـەم دوو چەمکە لـە ڕووی مێژووییـەوە بۆ کتێبـە بەناوبانگەکەی ئەرسـتۆ (٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز) پۆیتیـکا دەگەڕێتـەوە، کـە بـە هونـەری شـیعر ناسـراوە.

بـە پێـی شـیکاریی ئەرسـتۆ بـۆ تراژیدیـای یۆنانـی؛ گرێچـن (Mythos) توخمێکـی سـەرەکییە لـە بەشـەکانی تراژیدیـا، مەبەسـت ڕێکخسـتنی گشـتی شـانۆگەرییە وەک بوونەوەرێکـی یەکانەیـی تۆکمـە). (١) ئەرسـتۆ بـەو کتێبـە بـەردی بناغـەی بـۆ چەمـک و زاراوە ئەدەبییـەکان داڕشـت و سـوودێکی یەکجـار زۆری بـە بابەتـە درامییـەکان گەیانـد، بەڕادەیـەک؛ وەرگێڕانـی کتێبی هونەری شـیعر بووە پێویسـتییەکی زانسـتی زمانـە زینـدوو و پیشـکەوتووەکانی میللەتان.

(جۆرجیـۆ ڤاڵـی) سـاڵی ١٤٨٩ کتێبەکـەی لـە زمانـی یۆنانییـەوە بـۆ لاتینـی وەرگێڕا و لە ڤینیسـیا چـاپ کـراو و بڵاوکرایـەوە.

ئـەو کتێبـە لـە مێـژووی ڕەخنـەی ئەدەبیـی ئەوروپـای نوێـدا، پێگەیەکـی ئەوتـۆی هەبـوو، هیـچ کتێبێکـی دیکـە نەدەگەیشـتە ئاسـتی؛ بـووە چرایەکـی ئەفسـووناوی بـە دەسـتی ڕەخنەگـر و توێژەرانـی ئەرسـتۆوە. (٢) بەپێـی سـەرچاوەکان، لـە مێـژووی ئەدەبیاتـی ئەوروپـادا زمانـی لاتینـی کاریگەریـی خـۆی بـە سـەر زمانەکانـی ئەوروپـادا هەبـووە، بەتایبەتـی هـەردوو زمانـی ئینگلیـزی و فەڕەنسـی. لەگـەڵ پەڕینـەوەی کتێبەکـە بـۆ نـاو زمانـە ئەوروپاییـەکان، زاراوەکان گەشـەیان کـرد و گۆڕانکاریـی گەورەیـان بەسـەردا هـات.

یەکێـک لـە وەرگێـڕەکان (سـێر فیلیـپ سـیدنی ١٥٤٤- ١٥٨٦) هونەری شـیعری ئەرسـتۆی وەرگێڕایە سـەر زمانـی ئینگلیـزی. بێگومـان بیبلۆگرافیـای وەرگێـڕان و توێژینـەوە لەسـەر کتێبـی هونەری شـیعر

ئەوەنده زۆره، ڕەنگە لە بەرگی یەکەمی کتێبێکدا جێگەی نەبێتەوە. نووسەرانی کورد لە باشوور بەگشتی لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان پشت بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەبەستن، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، کە سیاسەتی داگیرکاری و خوێندنی پەروەردەیی، لە گەڕان و شیکارییەکاندا دوو هۆکاری سەرەکی بوون. لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا، بە گشتی بۆ زاراوەی (mythos)ی ئەرستۆ؛ (plot)، واتە (پلان) و (theme) بیرۆکە بەکاردەهێنرێت. نووسەری فەرەنسی (جۆرج پۆڵتی ١٨٦٧- ١٩٤٦) ساڵی ١٨٩٥ بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (سی و شەش بارودۆخی درامی) جیاوازییەکی دیکەی دروست کرد، دەرگەیەکی فراوانی بەسەر گەشەکردنی چەمک و زاراوەکاندا کردەوە، زاراوەی میتۆسی ئەرستۆی کردە دۆخ، حاڵەت (situation).

ساڵی ١٩١٧ کە کتێبەکەی پۆڵتی بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕرا، هەمان زاراوە فەرەنسییەکە (situation) بەکارهاتووە. لەو کتێبەدا نووسەر تەواوی هۆکاری چیرۆکەکانی مرۆڤایەتی چڕکردەوە سەر یەک، بۆ هەر دۆخێک ناوێکی داناوە، دواتر کتێبەکە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕرا. بەر لە وەرگێڕانەکە (د. ئیبراهیم حەمادە) لە فەرهەنگە درامییەکەیدا ناوی کتێبەکەی وەک زاراوەی (الموقف الدرامي) چەسپاندووە، بەڵام هەڵەیەکی گەورەی کردووە، کە ناوی دانەرەکەی کردووە بە نووسەری شانۆیی (کارڵۆ جۆزی). لە گەڕان و پشکنینی کتێبە عەرەبییەکاندا، کتێبەکەی نووسەر و دەرهێنەر (مستەفا محەڕەم) دەدۆزینەوە، بەناوی (سی و شەش هەڵوێستی درامایی)، بەڵام نازانین وەرگێڕانی دیکە هەبووە، یان نەبووە. کولتووری عەرەبی بەرلەوەی هونەری شانۆ بناسێت، لە سەردەمێکی زۆر زوودا، ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆدا هەبووە. (ابو بشير متي بن يونس ٨٧٠- ٩٣٩ز) کتێبەکەی لە زمانی سریانییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە. زۆربەی سەرچاوەکان، جەخت لەسەر هەڵەی گەورە و کەموورپییەکانی وەرگێڕانەکە دەکەنەوە، هەر بۆ نموونە؛ تراژیدیای وەرگێڕاوە بۆ شیعری ستایش و کۆمیدیای وەرگێڕاوە بۆ شیعری هەجوو. (کل نشيد شعري اما مديحا واما هجاء واما ديثرمبو الشعري) لە چاکردنەوەکەدا کراوەتە (فشعر الملاحم وشعر التراجيديا، وكذلك الكوميديا والشعر الدثورمبي...) (٣)

لە کوردییەکەدا بووە بە ( شیعری پاڵەوانامە و شیعری تراژیدی ئەوجا کۆمێدی دیترەمبۆس). (٤)

دوای وەرگێڕانەکەی (ئەبوو بەشیر)؛ (ئیبن سینا) و (فارابی) و (ئیبن ڕوشد) کتێبەکەیان کورت و پوخت کردەوە. لە سەدەی بیستدا، پسپۆرانی هونەری شانۆ و ئەدەبی عەرەبی بەتایبەتی (د. عەبدولڕەحمان بەدەوی) و (د. شوکری محەمەد عەیاد) و (د. ئیبراهیم حەمادە) کتێبەکەیان وەرگێڕا و پێداچوونەوەیان بۆ کرد و هەڵەکان ڕاست کرانەوە. د. عەبدولڕەحمان بەدەوی دەڵێت: کە بە مێژووی کتێبەکەو وەرگێڕان و کورتکردنەوەکاندا دەچینەوە، دووچاری نائومێدی و هەستێکی ناخۆش دەبین، کە وەرگێڕانەکان سوودیان بۆ ئەدەبی عەرەبی هەبوویێت (٥).

بەداخەوە ئەم کتێبە گرنگەی ئەرستۆ زۆر درەنگ کرایە کوردی، (د. حەمید عەزیز) لە ٢٠٠٥ لە دوو سەرچاوەی ئەڵمانییەوە کتێبەکەی کردووە بە کوردی. وەک من ئاگادارم، کتێبەکەی (جۆرج پۆڵتی) تا ئێستا نەکراوەتە کوردی، گفتوگۆ لەسەر بابەت و ژمارەکان نەکراوە، ڕەنگە هەر باسیش نەکرابێت. پێوەندی نێوان

ئەو دوو کتێبە لە دوو شتی زۆر گرنگدایە، یەکەم زاراوەکانە، بەتایبەتی گرێچن. دووەم بینای درامییەکەیە، کە هەردوو زاراوەی (بیرۆکەی سەرەکی) و (گرێچن) لە بەشەکانی شانۆگەریدا؛ بەراوردکاریی گرنگ بۆ تیۆرە ئەدەبییەکان دەورووژێنن، بێگومان زاراوەکان لە ئەرستۆوە تا ئەمڕۆ، بەردەوام لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و گەشەدەکەن.

چەندان زاراوەمان هەیە هێشتا بەتەواوی یەکلایی نەبوونەتەوە، زۆر سەخت و ئاڵۆزیشە ڕێککەوتنی تەواویان لەسەر بکرێت؛ جگە لە زاراوە مێژووییەکان وەک: تراژیدیا، کۆمیدیا، دراما. لە پرسی تیۆرە ئەدەبییەکاندا هۆکاری سەرەکی، ڕەگی واتای وشەکانە لە زمانی میللەتاندا کە واتای جیاوازیان هەیە، بەڵام دواجار لە ڕەخنەی ئەدەبیدا؛ گەشەدەکەن و دەبنە چەمک و زاراوەی ئەدەبی و هونەری.

لە سەدەی بیستەمدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر کتێبی ئەکادیمی؛ چۆنیەتی فێربوونی نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری و فیلمنامە و درامای تەلەڤزیۆنی، لە ئەورووپاو ڕۆژئاوا بەتایبەتی و وڵاتان بەگشتی بڵاوکرانەوە. یەکێک لە بڵاوکراوە گرنگەکان، کتێبەکەی نووسەری هەنگاری (لاجۆس ئیگری Lagos Egri ١٨٨٨ – ١٩٦٧)ـە بە ناوی (هونەری نووسینی دراما) ساڵی ١٩٤٦ لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە، کتێبەکە وەک سەرچاوەیەکی زانستی باوەڕپێکراو لە جیهاندا تا ئەمڕۆ سوودی لێ وەردەگیرێت.

لاجۆس لە بابەتی پرسی ئاڵۆزی (mythos) و (plot) و (theme) و (situation) پێشنیاری (پێشەکی لۆژیکی) دەکات. دەڵێت: لە زانستی لۆژیکدا هەموو شتێک، بیرۆکە، یان پێشەکییەکی بچووکی هەیە، هەر چرکەیەک لە ژیانماندا، پێشەکییەکی هەیە، ئەگەر هەستمان پێ کردبێت، یان هەستمان پێ نەکردبێت؛ وەک هەناسەدان لە سادەترین شێوەیدا. لە ئاڵۆزترینیدا؛ بڕیارێک بە کاریگەریی سۆز، مەترسی بۆسەر ژیانی کەسێک هەبێت.(٦) نووسەر بۆ سەلماندنی پێشنیارەکەی، پەنا بۆ چەند سەرچاوەیەک دەبات، کە دانی پێداناوە؛ جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە.

بە پێویستی دەزانم، بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەم. لە فەرهەنگی (وێستەر)دا ئاماژە بەوە کراوە؛ (پێشەکی) پرسێکی سەپێنراوە، یان لە پێشوودا بەڵگەی هەبووە- بنەما- سەلماندن- پرسێکە بڕیاری لێ دراوە، یان سەلمێنراوە کە ئەنجامی لێ پەیدابووبێت. ڕەخنەگری فەڕەنسی (فرنارد برۆنتێر) لە ئەکادیمیای فەڕەنسی، داوا لە نووسەرانی شانۆ دەکات، لە دەقەکانیاندا وەک خاڵی سەرەکی، یان دەسپێک بینای ئامانج (goal) بکەن.

ڕەخنەگر و نووسەری شانۆیی ئەمریکی (جۆن هوارد لاوسۆن) دەڵێت: (بیرۆکەی سەرەکی) لە نووسینی شانۆییدا سەرەتای کارکردنە. نووسەری شانۆیی (جۆرج پیرس پیکەر) دامەزرێنەری (وۆرکشۆپی ٤٧) لە پێناسەی زاراوەکەدا، ئاماژە بۆ وتەیەکی (ئەلێکسەندەر دیماس کوڕ) ١٨٢٤- ١٨٩٥ دەکات و دەڵێت: چۆن دەتوانی باسی ئەو ڕێگەیە بکەیت کە بەسەریدا دەڕۆیت؟ بەڵام نەزانیت بۆ کوێ دەڕۆیت.(٧)

بە پێی ئەم بۆچوونەی ئەلێکسەندەر، زاراوەکە دەبێتە ڕێبازگە، یان ڕێگە. بە بۆچوونی لاجۆس: پێشەکی؛ پرۆژەیە، بابەتە، بیرۆکەی سەرەکییە، ئامانجە، هێزی پاڵنەرە، گرێیە، هەڵچوونێکی سەرەکییە، بەڵام بۆخۆی (پێشەکی لۆژیکی)

بە باشتر دەزانێت، بە بۆچوونی ئەو؛ هەموو توخمەکان بنەماکانیان لێ پێکدێت و کەمترین دەرفەت دەداتە بەدشیکاری و تەئویلکردن.(٨)

وەک تێبینی دەکەین (لاجۆس) ئەوها تێکەڵی کردووە، نەتوانرێ بە ئاسانی بەشەکانی دراما لەیەک بکرێنەوە. بێگومان جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەر سێ زاراوە؛ بیرۆکەی سەرەکی و گرێچن و پێشەکیدا هەیە، کە دەگەڕێینەوە سەر بەشەکانی تراژیدیا لە کتێبەکەی ئەرستۆدا، دەبینین (پێشەکی) بەشێکە لە تراژیدیا. (ئەو بەشانەی لە درێژبوونەکەیەوە دەکەونەوە، واتە ئەو بەشانەی لێی پێکهاتوون ئەمانەن: پێشەکی، ڕووداوی لاوەکی، دوا گۆرانی کۆرس و ئاهەنگی کۆرس... پێشەکی بەشێکی تێکڕای تراژیدییە) (٩)

لە گێژەنی ئەو هەموو جیاوازییانەدا، زاراوەکانی پێکهاتەی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان؛ گرفتێکی گەورەی زمانی میللەتان بووە، بەتایبەتی بۆ زمانی کوردی، کە سەردەمێکی زۆر لە ژێر سانسۆر و گوشاری داگیرکاریدا بووە و وەک پێویست نەتوانراوە ڕێککەوتنی زانستی لەسەر چەمک و زاراوەکان بکرێت. زاراوەکەی ئەرستۆ (میتۆس) بەگشتی بەم شێوەیە وەرگێڕراوە و شیکاری بۆ کراوە: ئەفسانە، چیرۆک، چنین، گرێ، گرێچن، کردار، ڕێکخستنی ڕووداوەکان، پلان، دۆخ، پێشەکی، پێشەکی لۆژیکی، بیرۆکەی سەرەکی، پرۆژە، ئامانج، ڕێگە، یان ڕێباز. کە دەگەڕێینەوە سەر ڕەچەڵەکی وشەکان، کە دواتر وەک چەمک و زاراوەی ئەدەبی بەکارهاتوون، جیاوازییەکان گەورەتر دەبن.

(mythos)ی گریکی، (plot) و (theme) و (situation) لە زمانی ئینگلیزیدا، جیاوازی لە شێوە و ناوەڕۆکیاندا هەیە، plot کە بە مانای (پلانی؛ شانۆگەری، شیعر، چیرۆک و ڕۆمان، نەخشەسازی) دێت. لە ڕەچەڵەکدا واتای نەخشەی ڕێگە، نیگار و نەخشەی بەدیارخستن، یان پلانێکی نهێنی (پلانگێڕی) بۆ کوشتنی کەسێک، پارچە زەوییەک، دەگەیاند.

وشەی دووەم، theme لە هونەر و ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا دوو پێناسەی بۆ کراوە.

**یەکەم:** بەواتای بابەتی وتاردان، یان ئاخاوتن، بابەتی بیرکردنەوە، یان بەشێکی نووسین، پێشانگە دێت. (بۆ نموونە، بابەتی وتارەکە: خەباتکردنە لە پێناو نیشتمان).

**دووەم:** بیرۆکەیەک لە کاری هونەری، یان ئەدەبیدا بڵاوبێتەوە، یان دووپاتکردنەوەی تیدا بێت، یان میلۆدی، واتە ئاوازی سەرەکی بێت لە مۆسیقا، شانۆ، فیلمدا. (١٠)

ڕاستییەکەی ئەم دوو پێناسەیە زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵام لە زمانەکەدا نوێیە و ڕەگی نییە، بۆیە دەبینین چەندان وشە و زاراوەی هاوشێوەی دیکەش بەکارهاتوون وەک: Subject , Topic , Idea , Question, Motif , Message کە بە واتای: پرسیار، بیرۆکە، ناوونیشان، بابەت، پەیام، بیرۆکە، یان بابەت دێن. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە، وشەی (method)ـە، کە وشەیەکی ئینگلیزی ڕەسەنە، لە ڕێنووس و گۆکردندا، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ وشەی (mythos)ی یۆنانی نییە، کە ئەرستۆ وەک بنەمایەکی سەرەکی لە هونەری شیعردا دایڕشتووە، هەروەها لەگەڵ ئەڵمانییەکەش (mythen) ئەو جیاوازییەی نییە، کە لەوەرگێڕانەکەی (د. حەمید عەزیز)دا ئەماژەی پێ کراوە.

(د. ئیبراهیم حەمادە) بۆ هەردوو زاراوەی (mythos)ی یۆنانی و (plot)ی ئینگلیزی (الحبکة) و (العقدة)ی بەکارهێناوە. بە پشت بەستن بە

شـیکاریی ئەرسـتۆ دەڵێـت: (گرێچنــی درامــی- گـرێ) توخمێکـی سـەرەکی بەشـەکانی درامایـە، مەبەست لێی ڕێکخستنی گشتی شانۆگەرییە، وەک بوونێکی یەکگرتـوو و تۆکمە. کردەیەکی ئەندازەیی بە یەکبەستنەوەی بەشـەکانی شانۆگەرییە؛ کە لە هەڵبژاردنـی کەسـایەتییەکان، ڕووداوەکان، زمـان، بزاوتـن لـە شـێوەیەکی دیاریکـراودا پێکدێـت، سـەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت. پێوەنـدی نێوان ڕووداوێـک و ڕووداوێکـی دیکـە، پەسـەندکراو، گریمانەیـی بێـت. (١١).

ڕاستییەکەی زۆربـەی نووسـەرانی عـەرەب ئـەم دوو چەمکـە بەکاردەهێنـن. وەک تێبینـی دەکەیـن بنەمـای ئـەم دوو وشـەیە، گوزارشـتێکی تـەواو لـە ڕەچەڵەکی وشـەکەمان میتـۆس نـاکات. (الحبکة) لـە زمانـی عەرەبیـدا چەنـدان واتـای جیـاوازی هەیـە، کـە هەڵگـری ئـەو واتایـە نییـە. وەک: گوریس لە ناوەڕاسـتیدا تونـد بکرێـت- قوماشـێک بـە ئامێـری چەنـد دەرزییـەک بچنرێـت بـۆ ئـەوەی ئەسـتوور بـێ- کارێکـی مەحکـەم، تۆکمەکـراو. وشـەی دووەم (العقـدة) گـرێ- لوولـدان- پێچـان - چوونـە ناویـەک، دەگەیەنێـت. (١٢).

لـە کتێبەکـەی ئەرسـتۆدا (گـرێ) بەشـێکە، مەبەسـتی میتـۆس نییـە. (هەمـوو تراژیدیایـەک لە گـرێ و چارەسـەر پێکهاتـووە، گرێـدان پێشـەکی ڕووداو و بەشـێکی کـرداری شـانۆیی دەگرێتـەوە و ئـەوی دەمێنێتـەوە بابەتـی چارەسـەرکردنەکەیە.) (١٣).

نووسـەرانی کـورد بەگشـتی بـۆ ئـەم دوو زاراوەیـە (گـرێ) و (گرێچن)یان بەکارهێنـاوە، بـە پێـی بۆچوونـی ئەرسـتۆ، لـە شـیکاریی پێکهاتـەی بەشـەکانی دەقـدا، زاراوە سـەرەکییەکە (میتـۆس) لـە زمانـی کوردیـدا (گرێچنیـن، گرێچنـە، گرێچـن) دەربڕینێکـی زمانەوانـی زۆر تـەواوە، هەمـان مەبەسـتی ئەرسـتۆ لـە هۆنینەوەی دەقـدا دەپێکێ.

ڕاسـتییەکەی میتـۆس نـە پـلان (plot) ی ئینگلیزییـە، نـە (الحبکـة)، یـان (العقـدة)ی عەرەبییـە. گـرێ هـۆکارە (سـبب) بـۆ کردارێـک، یان چەند کردارێک، (ڕووداو- کۆمەڵە ڕووداوێک). بەبـێ چنینـی گـرێ (سـبب) ڕووداوەکان بـەدوای یەکـدا نایـەن، کەواتـە بـۆ بـە یەکبەسـتنەوەی گـرێ لەگـەڵ کـردار، یـان ڕووداو پێویسـتمان بـە کـرداری چنیـن دەبێـت (گرێچنـە)؛ بەبـێ ئـەو کـردارە بینـای درامـی دروسـت نابێـت، کارەکـە تۆکمـە نابێـت. دەشـێت هەمـوو کردەکـە وەک پلانێـک پێناسـە بکرێـت. چەمکـی پـلان (plot) واتایەکـی گشـتی هەیـە، زۆر شـت دەگرێتـەوە.

گرێچـن داتاشـینە، واتایەکـی سـنووورداری هەیـە، بـۆ میتـۆس گونجاوتـرە. مەبەسـتی سـەرەکی ئەرسـتۆ، ئـەو چیرۆکانەیـە کە هەڵگری گێڕانەوەی بـە لاسـاییکردنەوەن، نـەک تەنیا گێڕانـەوە، کەواتە هـەر چنینێـک ئەگـەر گـرێ (هـۆکار- سـبب)ی (کـردار، یـان ڕووداو)ی لەگەڵـدا نەبێـت، ناشـێت بـۆ گێڕانـەوەی بـە لاسـاییکردنەوە (واتـە نوانـدن، یـان نمایـش)، بـەڵام دەشـێت بـۆ گێڕانـەوە.

(پاشـا مـرد هەواڵـە، بـەڵام بـۆ شـاژن گرییـە)، هـۆکارە بـۆ خـەم و پـەژارە، پاشـان مـردن، یـان ئاوارەبـوون، یـان زینـدان. بـۆ گێڕانـەوەی بـە لاسـاییکردنەوە لـە شـانۆگەری، فیلمنامـە، ڕۆمـان، چیـرۆک، پێویسـتمان بـە گرێچنـەی: هەواڵەکـە، گرییەکەیـە - کـردار و ڕووداوەکان - کەسـایەتییەکان - زمـان دەبێـت، لـە کارێکـی یەکگرتـووی تۆکمـەدا، کـە سـەرەتا و ناوەڕاسـت و کۆتایـی هەبێـت، کەواتـە (گرێچـن، گرێچنیـن، گرێچنـە) لـە زمانـی کوردیـدا زۆر بـۆ کـردەی نووسـینی هـەر یـەک لـەم چـوار ژانـرە ئەدەبییـە شـیاوە، هەروەهـا دەکرێـت وەک (هونـەری

هۆنینـەوەی دەقـی درامـی) پێناسـە بکرێـت. بـۆ ئـەوەی لـە جـادووی زاراوەکـەی ئەرسـتۆ تێبگەیـن، گرێچنـەی کـوردی ڕێگەکانـی کردنـەوەی دەرگـەی میتۆسـی بـۆ ئێمـە زۆر ئاسـان کـردووە.

بـۆ تێگەیشـتنی زیاتـر لـە تیـۆری ئەرسـتۆ بـۆ بنیادنانـی دەقـی درامـی، بێگومـان پێویسـتە بـۆ ڕەهەنـدی مێژوویـی و گەشـەکردنی وشـەکە وەک زاراوەیەکـی ئەدەبـی و هونەریـی لـە جیهانـی ئەدەبیاتـدا بگەڕێینـەوە. کتێبەکـەی جـۆرج پۆڵتـی سـاڵی ٢٠٢١ لـە فەرەنسییەوە بـۆ زمانـی عەرەبـی وەرگێـڕرا و گفتوگۆیەکـی دیکـەی هێنایـە بەرهـەم. زۆربـەی نووسـەرانی عـەرەب ناونیشـانی کتێبەکەیان بـە سـێ شـێوەی جیـاواز وەرگێـڕاوە.

**یەکەم:** (ستة و ثلاثون موقفا دراميا).

**دووەم:** (ستة و ثلاثون حالة درامية).

**سێیەم:** (سـتة و ثلاثـون حبكـة دراميـة) کـە لـە کوردیـدا دەبێتـە؛ سـی و شـەش: بارودۆخـی درامـی، یـان هەڵوێسـتی درامـی، یـان گرێچنـی درامـی.

منیش لەگـەڵ ئـەوەم (بابەتـی درامـی) لـە (دۆخ، هەڵوێسـت، گرێچـن) گونجاوتـرە. ئەگـەر یەکـەم و دووەم تـا ڕادەیـەک گونجـاو بن، سێیەم کە گرێچنە، پێناسـەیەکی هەڵەیـە، لەبـەر ئـەوەی بـە هونـەری هۆنینـەوەی دەقەکـە ناژمێررێـت، لـە ژمارەکـەدا یـازدە، یـان تەنیـا یـەک وشـەن، هەندێکیـان کـردارن لەوانـە: دەربازبـوون، ڕفانـدن، ڕاوەدوونـان. بێگومـان یـەک وشـە ناتوانێـت گوزارشـت لـە گرێچنـەی درامـی بـکات. ژمارەیەکیـش دەکرێـت وەک (بیرۆکـەی سـەرەکی) پێناسـەیان بـۆ بکرێـت، لەوانـە: شـۆڕش، پەشـیمانی، خواسـت. ئـەم پرسـیارە لای مـن گرنگـە، ئایـا دەکرێـت وشـەی (تکاکـردن)، یـان (پاڕانـەوە) وەک زاراوەیـەک پێناسـەی گرێچنـی دەقێکـی شانۆیی، یـان چیرۆکێـک بـکات؟ کـە (د. ئیبراهیـم حەمـادە) وەک (المواقـف الدرامیـة) پۆلێنی کـردووە؟!. بـا بـە سـادەیی بڵێیـن: شـانۆگەریی ئەلیـف گرێچنەکـەی پاڕانەوەیـە، یـان تکاکردنـە؟!. بێگومـان لـەم ڕسـتەیەدا هیـچ شـتێک تێناگەیـن، بـەڵام وەک بیرۆکـەی سـەرەکی دەکرێـت بڵێیـن: (پاڕانـەوەی خەڵکـی تیبـە لـە پەرسـتگەی دەڵفـی بۆ ڕزگاربـوون لـە پەتـای شـارەکە) ئەویـش دەڵێـت: (پاشا باوکـی خـۆی کوشـتووە و دایکـی خـۆی مـارە کردووەتـەوە، ئەمـە هـۆکاری پەتایەکەیـە)، لێرەدا مەبەسـتم ئـەو گرێیەیـە، کـە سـۆفۆکلیس لەگـەڵ ڕووداوکان چنینـکاری (گرێچنیـن)ی بـۆ کـردووە، واتـە لـە ئەفسـانەکەدا هونەرکاریـی کـردووە. جـۆرج پۆڵتـی لـە کارەکەیدا، هاوشـێوەی ئەرسـتۆ، تراژیدیـای گریکـی خوێندبـووەوە، ئەوجـا میتۆسـی دارشـت، ئەویـش ئەدەبـی کلاسـیکی بەگشـتی و فەرەنسـی و جیهانـی خوێنـدەوە، دواتـر پـەرەی بـە زاراوەکـەدا و کـردی بـە (situation) . نووسـەری کتێبەکـە دەڵێـت: سـی و شـەش دۆخـی درامـی هەمـوو ئـەو چیـرۆک و دەقانـە دەگرێتـەوە کـە لـە جیهانـدا هـەن، بـە کتێبـە پیـرۆزەکان و چیرۆکـە خەیاڵییـەکان و ڕۆمـان و تـەواوی چیرۆکەکانـەوە، بـە بـاش و خراپیانـەوە. (١٤).

ئـەو بۆچوونـەی جـۆرج پۆڵتـی زۆر ڕاسـتە، ئەگـەر لـە چیرۆکـی ئـادەم و حـەوا و تـەواوی چیرۆکەکانـی مرۆڤایەتـی وردبینـەوە، تـا دەگەینـە ئەفسـانە و دەقـە شـانۆییەکانی یۆنانـی کـۆن و پەیدابوونـی ڕۆمـان و فیلمنامـە؛ دووبارەبوونـەوەی بێ ژمـارە لـە (بیرۆکـەی سـەرەکی) و جیـاواز لـە چیرۆکـەکان دەبینیـن. جـۆرج پۆڵتـی بـۆ هـەر یەک لـە بیرۆکـە سـەرەکییەکان، یان بابەتـەکان، ناوێکی داناوە، کـە ژمارەیـان (٣٦) بابەتـە، لـە هـەزاران؛ شـانۆگەری، چیـرۆک، ڕۆمـان لـەو سـەردەمەدا. ئـەم ژمارەیـە لای هەندێـک نووسـەر زۆر کـەم

کراوەتـەوە، هەندێـک کردوویانــە بــە شــازدە، هەندێـک بـۆ هەشـت کورتتریـان کردووەتــەوە و هەندێکیـش دەڵێـن؛ حــەوت گرێچنــەی ســەرەکی هەیـە.

دیاریکردنـی زاراوەکان، کـە کامەیـان بیرۆکـەی سـەرەکییە و کامەیـان بابەتـە؟ دەکەوێتـە سـەر ناوونیشـانی ژمارەکان و پێناسـەکان. بەپێی تیۆرەکە، مرۆڤایەتـی بـە جیـاوازی کولتـوور و شوناسـی نەتەوەیـی؛ بەبـێ ویسـتی خـۆی، بەچارەنـووس، کەوتووەتـە نـاو گرێیەکانـی نێوان خـۆی و کۆمەڵگـە، هـەر لەبـەر ئەمـە بـوو، زانـای دەروونناسـی سـیگمۆن فرۆیـد لـە شـیکاریی دەروونییدا سـوودی لە ئەفسـانەی یۆنانـی (ئۆدیێـی پاشـا) وەرگـرت، (گرێـی ئۆدیێـب) ی بەکارهێنـا، کـە ئۆدیێـب بـە حوکمـی ئـەوەی لـە چارەیـدا (قـەدەر- قـدر) نووسـرابوو، (باوکـی خـۆی دەکوژێـت، دایکـی خـۆی مـارە دەکاتـەوە). کـە سـەرنج دەدەینـە ئەفسـانەی ئۆدیێبـی پاشـا، ئـەو گرێیـە دەدۆزینـەوە کـە چارەنووسـی (قـەدەر) ئۆدیێبـی بـەو دەردە گەیانـد.

بەپێـی شـیکاریی فرۆیـد، چارەنـووس خۆڕسـکە، لەگـەڵ مـرۆڤ لەدایـک دەبێـت، مـرۆڤ بـە حوکمـی پێوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵگەکـەی؛ سـەرەتا لـە دایـک و باوکـی، ئەوجـا لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە، بیەوێـت، یـان نەیەوێـت دەکەوێتـە نـاو گرێیـەک، یـان چەنـد گرێیـەک، واتـە هیـچ کـەس نییـە لـە نـاو کۆمەڵگـە نەکەوێتــە نــاو گرێیــەکان. چارەنــووس وەک گرێیەکـی سـەرەکی، بـە دوو هـۆکار خـۆی بەسـەر مرۆڤـدا دەسـەپێنێت. یەکـەم، شـوێنی لەدایـک بـوون. دووەم کاتـی لەدایکبـوون. کـە ئـەم دووانـە لـە ژیانـی کەسـێکدا ورددەکرێنـەوە، چارەنووسـی کەسـەکە دەردەخـات، لەگـەڵ هەندێـک جیـاوازی. لەنـاو تـەواوی چیرۆکەکانـی کۆمەڵگـەدا، ئەرکـی نووسـەر چنینـی گـرێ و کـردار و ڕووداوەکانـە، واتـە نووسـینەوەی چیرۆکـەکان بـە شـێوەیەکی هونـەری، بـەو مەرجـەی گرێچنـەی کـردار، یـان ڕووداوەکان، پلانـی (plot) کارەکـەی بـێ.

ئەگـەر شـێوازی داڕشـتنی گرێچنەکانـی چەنـد نووسـەرێک وەک یـەک بـوون، ئـەوە جۆرێـک لـە ڕێبـاز، یـان شـێواز (Style) دروسـت دەبـێ، کـە لـە تیـۆری ئەدەبیدا بـە قوتابخانـە ئەدەبییـەکان، یـان ڕێبـازە ئەدەبییـەکان ناسـراوە. بێگومـان لـە نـاو هـەر یەکێـک لـە قوتابخانـە ئەدەبییەکانـدا، نووسـەر شـێوازی نووسـینی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە ئەمەیـان جیـاوازە و زیاتـر پێوەنـدی بـە داڕشـتنی زمانەکـەوە هەیـە.

جـۆرج پۆڵتی ئـەم جیاوازییـەی فەرامۆش کردووە؛ کاری لەسـەر بابەتـە دراماییـەکان کـردووە و ناوێکـی بـۆ هـەر یـەک لـە بابەتـەکان دانـاوە. نووسـەرانی کـورد بـە گشـتی (بیرۆکـەی سـەرەکی)یان لـە گرێچنـەکان جیاکردووەتـەوە، کـە منیـش تـەواو لەگـەڵ ئـەم جیاکارییـەم. گەشـەکردنی کولتـووری میللەتـان، هـەر لەسـەردەمی گریکەکانـەوە تا ئەمڕۆ، گۆڕانکاریـی زۆری بەسـەر زاراوەکانـدا هێنـاوە، شـتی نـوێ پەیـدا بـووە، دەتوانیـن ئامـاژە بـۆ هەندێـک لـەو بیرۆکـە سـەرەکییانە بکەیـن، کـە دەکرێـت هــەر یــەک لــە بیرۆکــەکان، گرێچنــەی جیــاوازی هەبێـت و لـە هەمـان کاتـدا بیرۆکـە سـەرەکییەکە بەدەر لـە گرێچنەکـە، دەبێتـە، ئامانجـی نووسـەر و پەیامـی نووسـەر. بـۆ نموونـە: مەترسـیی ئەگـەری لەنـاکاوی بەکارهێنانـی چەکـی ئەتۆمـی، کەوتنـە داوی فێڵـی ژیریـی دەسـتکرد. بێکاری لـە ئەنجامـی زۆربوونـی ئامێـر، نامۆیـی لـە ئەنجامـی تێکەڵبوونـی کولتـوورە ناکۆکـەکان، مایەپووچـی لـە ئەنجامـی سـەودای دراوی ئیلکترۆنـی، مرۆڤـە ئامێرییـەکان هەڕەشـەن بـۆ سـەر مرۆڤایەتـی. چەنـدان بیرۆکـەی دیکـە، کـە دەکرێـت چیرۆکەکانیـان زۆر جیاوازبـن،

گرێچنەکانیش لەناو بینای هونەری هەر چیرۆکێک لە چیرۆکەکاندا جیاوازبن. لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانیدا، گەشەی ئەکادیمی بە ڕیتمی مێژوویی کات و شوێن، نووسەر ناچار دەکات، بەرلەوەی بچێتە ناو بواری نووسینی ژانرە ئەدەبییەکان؛ بۆ ئەوەی جیاواز بێ لە نووسەرانی پێشی خۆی، پێویست دەکات بگەڕێتەوە سەر بیرۆکە سەرەکییەکان و گرێچنەکان، جۆرێک لە شارەزایی پەیدا بکات. لەو گەڕانەوەیەدا دوو ڕێگەی لەبەردەمدا ڕووناک دەبێتەوە.

**یەکەم:** دەزانێت لە بیرۆکەیەکی سەرەکیدا، دەکرێ دەیان و سەدان، بگرە هەزاران چیرۆک و ڕۆمان و فیلمنامە بنووسرێن.

**دووەم:** دەزانێت گرێچنە هونەری هۆنینەوەی دەقە. لێرە بە پێویستی دەزانم چەند نموونەیەک بهێنمەوە.

لە بیرۆکەی جیاوازیی چینایەتیدا، کە هەژاری، یان کەم دەرامەتیی گرێیەکەیە؛ چیرۆکی خۆشەویستی نێوان کوڕێک و کچێک، جیاوازە لە گرێی هاوڕێیەتی نێوان دوو قوتابی لە پۆلێکدا. لە بیرۆکەی سەرەکی، متمانەی کوێرانەی پاشا بە منداڵەکانی، مایەپووچی بەدوادا دێت. شانۆگەریی شالیر، نووسینی ولیەم شەکسپیر، دوای ئەوەی پاشا مەملەکەتەکەی دابەشی سەر کچە گەورە و ناوەنجییەکەی دەکات، کچە بچووکەکەیشی سزا دەدات، دواجار شێت و سەرگەردان دەبێت، لەبەر ئەوەی دوو کچە جێگرەوەکەی هەموو دەسەڵاتەکانی لێ دەسێننەوە، تەنانەت پاسەوانەکانیشی پێ ڕەوا نابینن. هەر ئەم بیرۆکەیە دەکرێت بە شێوەیەکی دیکە دارشتنی بۆ بکرێت، بۆ نموونە: متمانەی کوێرانەی باوک بە منداڵەکانی، ماڵوێرانی بەدوادا دێت. یان متمانەی کوێرانەی خاوەنی کۆمپانیا بە کارمەندەکانی، مایەپووچی بەدوادا دێت.

بە دووبارەبوونەوەی چیرۆک و گرێچنەکەی، دەبێتە لاساییکەرەوە، یان دزیی ئەدەبی. نووسەری داهێنەر، بەپێی گەشەکردنی تیۆرەکانی ئەدەب و هونەر لە ژانرە ئەدەبییەکاندا؛ گرێ و کردار و ڕووداو، لە بیرۆکەی جیاوازدا کۆدەکاتەوە و چیرۆکێک دەهۆنێتەوە، لە ئەوانی دیکە جیاواز بێت. ڕاستییەکەی ئەم دوو بابەتە، بیرۆکەی سەرەکی و گرێچن، لە ئەدەبی جیهانیدا، کتێبخانەیەکی گەورەی، تیۆرە ئەدەبی و ژانرە ئەدەبییەکانە، تا زیاتر بە قووڵاییدا شۆڕبینەوە، نهێنییەکانی گرێ و کردار و ڕووداومان بۆ ڕووناکتر دەبێتەوە. لە کۆتاییدا دەتوانین بە کورتییەکەی بگەینە چەند ئامانجێک لە بنەماکانی بیرۆکەی سەرەکی و گرێچنی درامی.

١- بیرۆکەی سەرەکی بەشێکی سەربەخۆیە؛ بیرکردنەوەی مرۆڤە، لە ئەنجامی بوونی گرێ و کردار پەیدا دەبێت. سنووردارە، بەڵام ناتوانرێت ژمارەیەکی دیاریکراوی بۆ دابنرێت. لەبەر ئەوەی هزری مروڤایەتی لە گەشەکردندایە، لە بیرۆکەیەکدا چەندان چیرۆکی جیاواز لە یەکتر بنیاد دەنرێ.

٢- لە چیرۆکدا بابەت، گرێچنی دەقی درامی دەورووژێنێت، کە بشێت بۆ گێڕانەوەی بە لاساییکردنەوە، واتە نواندن لە بوارە دراماییەکاندا، وەک: شانۆ و سینەما و تیڤی.

٣- گرێچن هونەری هۆنینەوەی دەقە، ئەرکی چنینی گرێ و کردار و ڕووداوەکانە، لە ڕێگەی زمان و کەسایەتییەکانەوە لە تێکڕای دەقی دراماییدا.

گرێچن ناژمێررێت، بەڵام دەکرێ پێناسە بکرێت، وەک گرێچنی کلاسیکی و گرێچنی نوێ.

**گرێچنــی تۆکمــە (شــاکارەکان) هەڵناوەشــێتەوە، لێــی کــەم ناکرێتــەوە، پــاش و پێــش ناکرێــت، داهێنانەکــەی لــە چنینەکەیدایــە. گرێچنــی هــەر دەقێــک لــە ژانــرە ئەدەبــی و هونەرییەکانــدا، شێوازی نووســەر دەردەخــات و لــە ئەوانــی دیکــە جیــای دەکاتــەوە.**

**ئــەوەی لــەم بابەتەمانــدا دەمێنێتــەوە زاراوەی درامایــە، هــەوڵ دەدەم لــە دەرفەتێکــی نزیکــدا، گەشــتێک بەنــاو ڕەهەنــدە مێژوویی و تیۆرییەکانــی زاراوەکــەدا بکــەم، دواجــار دەگەینــە کۆتایــی ســیانی: بیرۆکــەی ســەرەکی — گرێچــن- درامــا.**

**سەرچاوەکان:**


١- د. أبراهيم حمادة، معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية، ص ١٢٧.

٢- ارسطوطاليس فن الشعر، ترجمه وشرحه عبدالرحمن البدوي، مصر ١٩٥٣، ص ١٢ و١٣ .

٣ - ارسطوطاليس في الشعر، نقل أبي بشر بن متي بن يونس القنائي، ص ١٣١، حققه مع الترجمة الحديثة الدكتور شكري محمد العياد، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٧.

٤ - ئەریستۆتڵس- هونەری شیعر پۆیتیکا، ل ٢٠، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز، ٢٠٠٥ .

٥ - عبدالرحمن البدوي، أرسطوطاليس فن الشعر، ص ٥٦، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٣.

٦- لاجروس اجري، فن كتابة المسرحية، ترجمة دريني خشبة، ص ٤٤.

٧- نفس المصدر، ص ٤٥ - ٤٧ .

٨ - نفس المصدر، ص ٤٥

٩ - ئەریستۆتڵس، هونەری شیعر پۆیتیکا، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز، ل ٥٩ و ٦٠ .

١٠- OXFORD DICTIONARY OF CURRENT ENGLISH 1958

١١- د. أبراهيم حمادة، معجم المصطلحات الدرامية والمسرحية، ص ١٢٧.

١٢- معجم المعاني، موقع الكتروني.

١٣ - ئەریستۆتڵس، هونەری شیعر پۆیتیکا، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز، ل ٨٥.

١٤- جورج بولتي، ستة وثلاثون موقفا دراميا، ترجمة مصطفى محرم، ٢٠٢١.